**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە : ١١٤٤٥ لە ٢٠١٣/١٠/٢٧**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٥)ی یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-**

**ڕێنمایی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٣**

**ڕێنمایی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای دارستان لەهەرێمی کوردستان ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ٢٠١٢**

**ماددەی ( ١ )**

**مەبەست و واتای ئەم زاراوانەی خوارەوە لە بەرامبەریان دیاریکراوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.**

**بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆییەکان.**

**بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگەی هەرێمی کوردستان.**

**یاسا: یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٢ .**

**بنەما بۆماوەییەکانی ڕووەك: هەر ڕووەکێك بە هەموو پێکهاتەکانیەوە (لەهەر قۆناغێکی تەمەنی و گەشەسەندنی) یان تۆ ، یاخود گۆپکەکان، یان تۆی هەڵاڵە، یان (کۆرپەلە) یان خانەکانی.**

**بنەما بۆماوەییەکانی ئاژەڵ: هەر گیانەبەرێك (ئاژەڵ یان باڵندە) ی تەواو بێت یان بەشێکی بێت وەکو تۆی نێرینەی ئاژەڵی کیوی یان خانەکانی یان (کۆرپەلە) ، کەترشە ناوکی کەم ئۆکسجینی -DNA) (Deoxyribonucleic acid بەشێکە لە ناو کۆمەڵەی بنەما بۆماوەی یەکەی (لە هەر قۆناغێکی گەشەسەندن و تەمەن).**

**لێکترازاندن: پارچە پارچەکردن و دابەشکردنی دارستان بۆ چەند بەشێك کە ببێتە مایەی لەدەست دانی خەسڵەتەکانی دارستان کە لە ناو یاسا کەدا هاتووە و کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئامانجەکانی دارستان و ژینگەکەی و ژینگەی ناوچەکەی.**

**ماددەی ( ٢ )**

**بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاسا لە ماددەی دووەمی، وەزارەت هەڵدەسێت بە تێکەڵکردنی ئەم ئامانجانە لە پلانەکانی ساڵانە و ستراتیژیی خۆیدا.**

**ماددەی ( ٣ )**

**وەزارەت نەخشەی دارستانی هەرێم ئامادە دەکات لەگەڵ ئەو زەویانەی کە داری لێ چاندراون بۆ سوودی گشتی و هەروەها ئەو زەویانەی کە گونجاون بۆ ئەوەی بکرێنە دارستان کە سوودی گشتی بگەیێنێت.**

**ماددەی ( ٤ )**

**گۆڕینی خاوەنداریەتی زەوی دارستانی ئەمیری یاخود ئەو زەویە دارستانانەی کە خاوەنداریەتی بۆ وەزارەتی داراییە و مافی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی گشتی تر لە کاتی دامەزراندنی پرۆژەیەکی ستراتیژی کە موڵکایەتی گشتی بێت بە مەرجی لێکترازاندنی دارستانی لێ دروست نەبێت و دوای هەبوونی هەموو ئەم مەرجانەی خوارەوە:**

**لێکترازان نەکردنی دارستان.**

**لەو کاتەی کە هیچ جێگایەکی گونجاو تری نەبوو، و ئەم بابەتە لە لایەن وەزارەت و لایەنی پەیوەندار دەست نیشان دەکرێت.**

**١- دەربڕینی ڕەزامەندی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم و وەزارەت لەسەر پرۆژە و دیزاینە تایبەتەکانی و بە ڕەچاوکردنی گەیاندنی کەمترین زیان بە دارستان و ژینگەی دەوروبەری و بە بێ لێکترازاندنی دارستان.**

**٢-ئامادەکردنی راپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی (EIA)، لەگەڵ دروست کردنی دارستانێکی دەستکردی تازە و بە هەمان ڕووبەری پرۆژە و بە هەموو پێداویستییەکانی لە دابین کردنی سەرچاوەی ئاو و نەمام و سیستەمی ئاودێری و پەرژین و پێداویستیەکانی تری جێبە جێ کردنی ئەم دارستانە.**

**ماددەی ( ٥ )**

**جگە لە سزاکانی دیار کراو لە ماددەی (٢١)ی یاسا، مافی (مدنی) لە جۆری تر زیاد دەکرێت لەسەر ئەوانەی زێدەڕۆیی دەکەن لەسە دارستانەکان بە هۆکاری ئەنجام دانی پرۆژەی ئیستراتیجی کە سوودی گشتی یان تایبەتی هەبێت و بەم شێوەیە قەرەبۆ دەکرێت:**

**١- قەرەبۆکردنی دارەکان بە پارە بە پێی ڕێنماییە دارییەکانی تایبەت بەم بابەتە لەگەڵ دابین کردن و چاندنی (٥) پێنج دار بێت کە تەمەنیان کەمتر نەبێت لە (٢-٣) ساڵ بەرامبەر هەر دارێك یان دەوەنێکی زیان پێگەیشتوو (بە پێی تەمەن و جۆری دارە زیان لێ کەوتووەکان) و بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی، ئەگەر کۆی گشتی دارە زیان پێگەیشتووەکان کەمتر بێت لە (٤٠٠) چوار سەد دار و دەوەن، و لەو جێگایە دەچێندرێن کە بەڕێوەبەرایەتی دەست نیشانی دەکات.**

**٢-لەو کاتەی کە ژمارەی دار و دەوەن زیاتر بێت لە (٤٠٠) چوار سەد پێویستە قەرەبۆکردنەکە بە دابینکردن و چاندنی (٥) پێنج دار بێت کە تەمەنیان کەمتر نەبێت لە (٢-٣) ساڵ بەرامبەر هەر دارێك یان دەوەنێکی زیان لێ کەوتوو (بە پێی تەمەن و جۆری دارە زیان لێ کەوتووەکان) و بە پێی**

ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوش بە دامەزراندنی دارستانێکی دەستکردی تازە بەرامبەر ئەو دارستانە زیان لێ کەوتووە و بە هەموو پێداویستیەکانی و خزمەت کردنی بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە دوو ساڵ و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە پێش وەرگرتنی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی، و جێگای ئەم دارستانە لە لایەن ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە دەست نیشان دەکرێت.

٣- زێدەڕۆیی بە هەموو جۆرەکانی لەسەر دارستان لە لایەن کەسانەوە پێویستە قەرەبۆ بکرێتەوە بە پارە و بە پێی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بەم بابەتە لەو کاتەی کە ژمارەی دارەکان کەمتر بێت لە (١٠٠) سەد دار و دەوەن، و ئەگەر ژمارەی دارەکان زیاتر بێت پێویستە بڕگەکانی (١) و (٢)ی ئەم ماددەیە لەسەری جێ بەجێ بکرێت و بە پێی ژمارەی داری زیان لێ کەوتوو.

٤- لە کاتی زیان گەیاندن بە دارستان و بە شێوەی ئەنقەست و دوای سەلماندنی لایەنی سەرپێچی کار ڕێگەی پێ نادرێت بۆ ئەنجام دانی هەر پرۆژەیەك لە ناو دارستانە زیان پێکەوتووەکان و پێویستە دووبارە بیچێنێتەوە جگە لەو سزایانەی کە لە یاسادا هاتووە.

**ماددەی ( ٦ )**

ئەو زیانانەی کە بەر دارستانەکان دەکەوێت بە هۆی ئەنجام دانی پرۆژەی ڕێپێدراو لە لایەن وەزارەت قەرەبۆکردنیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- قەربۆکردنی داری زیان لێ کەوتوو بە هۆکاری ئەنجام دانی پرۆژەی گشتی خزمەت گوزاری تەنها بە پارە و بە پێی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بەم بابەتە.

٢- لەکاتی ئەنجام دانی پرۆژەی وەبەرهێنان یان پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت داری زیان لێ کەوتوو بە پارە قەرەبۆ دەکرێن و بە پێی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بەم بابەتە لەگەڵ دابین کردن و چاندنی (٥) پێنج دار بێت کە تەمەنیان کەمتر نەبێت لە (٢-٣) ساڵ بەرامبەر هەر دارێك یان دەوەنێکی زیان پێگەیشتوو (بە پێی تەمەن و جۆری دارە زیان لێ کەوتووەکان) و بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ، ئەگەر کۆی گشتی دارە زیان لێ کەوتووەکان کەمتر بێت لە (٤٠٠) چوار سەد دار و دەوەن، و لەو جێگایە دەچێندرێن کە بەڕێوەبەرایەتی دەست نیشانی دەکات.

٣- لەو کاتەی کە ژمارەی دار و دەوەن زیاتر بێت لە (٤٠٠) چوار سەد پێویستە قەرەبۆکردنەکە بە دابینکردن و چاندنی (٥) پێنج دار بێت کە تەمەنیان کەمتر نەبێت لە (٢-٣) ساڵ بەرامبەر هەر دارێك یان دەوەنێکی زیان لێ کەوتوو (بە پێی تەمەن و جۆری دارە زیان لێ کەوتووەکان) و بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوش بە دامەزراندنی دارستانێکی دەستکردی تازە بەرامبەر ئەو

دارستانە زیان لێ کەوتووە و بە هەموو پێداویستیەکانی و خزمەت کردنی بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە دوو ساڵ و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە پێش وەرگرتنی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی، و جێگای ئەم دارستانە لە لایەن ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە دەست نیشان دەکرێت.

**ماددەی ( ٧ )**

لەکاتی زیان گەیاندن بە دارستانەکان بە هۆکاری رووداوی ئاگر کەوتنەوەی کە ئەنقەست نەبێت و سەرچاوەکەی پرۆژەی گشتی بێت یان وەبەرهێنان یان تایبەت بێت پێویستە داری زیان لێ کەوتوو قەرەبۆ بکرێت و بە پێی بڕگەکانی (١) و (٢) ماددەی شەشەمی ئەم رێنماییە.

**ماددەی ( ٨ )**

١- پێویستە بەرێوەبەرایەتی پۆلیس و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی هەموو جۆرە زێدەرۆیی یەك رابگرن لەسەر دارستان، وەکو زێدەرۆیی چاندن لە ناو دارستانەکان، پەرژین کردن، دروست کردنی دام و دەزگا، بیر لێدان، یان زێدەرۆیی لەسەر رووپۆشی رووەکی یان بە بەکارهێنانی وەکو لەوەڕگا لەو کاتانەی کە قەدەغە دەکرێت، یاخود دروست کردنی کانە بەرد لە ناو دارستان یان گواستنەوەی خاك وخۆڵی دارستان.

٢- رەوانەکردنی تۆمەتباران بۆ دادگا لە کاتی دەستگیر کردنیان.

**ماددەی ( ٩ )**

رێکخستنی لەوەڕاندن لە ناو دارستانەکان و پاوانەکان لە سەرەتای چەکەرەکردن هەتا وەکو دوای قۆناغی پێگەیشتن و دروست کردنی تۆ، و ئەم رێکخستنەش بە پێی پەیڕەو کردنی سیستەمێکی لەوەڕاندنی گونجاو بێت و بە پێی ناوچە جیاجیاکان دەبێت، و دەست نیشان کردنی کاتی دەست پێکردن و ماوەی لەوەڕاندن و ماوەی قەدەغەکردنی لەوەڕاندن لە لایەن بەرێوەبەرایەتی دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە کارگێریەکان.

**ماددەی ( ١٠ )**

پێویستە بەرێوەبەرایەتیەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە کارگێریەکان ماوەی قەدەغەکردنی لەوەڕاندن دیار بکەن لە ناو ئەو دارستانانەی کە تووشی رووداوی ئاگر کەوتنەوە بوونە بۆ مەبەستی دووبارە ژیانەوەی ئەم دارستانانە.

**ماددەی ( ١١ )**

١- ناوچەی پارێزراو دروست دەکرێت لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتی و دوای پەسەند کردنی وەزارەت بۆ مەبەستی جێ بەجێ کردنی ماددەی شەشەمی یاسا.

٢- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ناوچەی پارێزراو لەدوای نەمانی هۆکارەکانی لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی دەبێت و بە پەسەند کردنی وەزارەت.

**ماددەی ( ١٢ )**

هەر کەسێك یان لایەنێك کە دەیەوێت ئاژەڵ بێنێتە ناو هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی لەوەڕاندن پێویستە پێش هێنانیان ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی وەربگرێت دوای دیار کردنی ژمارەی ئاژەڵ و جۆر و ماوەی مانەوەیان لەگەڵ دیار کردنی جێگای لەوەڕگا.

**ماددەی ( ١٣ )**

پەیڕەو کردنی ماددەکانی تایبەت بە زەوی کشتوکاڵی و ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ خاوەن دارستانە تایبەتیەکان کە دەیانەوێت وەبەرهێنان بکەن لەناو دارستانەکانیان بە چاندنی داری میوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەرایەتی باخداری لە پارێزگاکانی هەرێم .

**ماددەی ( ١٤ )**

وەبەرهێنان یان گواستنەوەی بەروبوومی دارستان و جۆرەکانی و بڕەکانی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دیار دەکرێت و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە کارگێڕیەکان و لایەنی پەیوەندار.

**ماددەی ( ١٥ )**

١- دەرکردنی بنەما بۆماویەکانی ڕووەکی و ئاژەڵی قەدەغەیە لە ناوچەی دارستانەکان و دەور و بەری، بەڵام دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ مەبەستی پەرەپێدانی ڕەچەڵکی و (تهجين) دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت.

٢- ڕێگە دەدرێت بە دەرکردن و بەکار هێنانی بنەما بۆماوەیەکانی دیاری کراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لەکاتی زۆر پێویست یان لە کاتی بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی تۆژینەوەی زانستی و دوای پەسەند کردنی وەزارەت.

**ماددەی ( ١٦ )**

نەمامگەکانی مۆڵەت پێدراو بۆ بەرهەم هێنانی نەمامی داری دارستان پێویستە پابەند بن بەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ڕێنماییەکانی تایبەت بە پاراستنی ڕووەك و ڕێگە گرتن لە بڵاو بوونەوەی نەخۆشی و مەگەز.

٢- وەرگرتنی رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بەکارهێنانی جۆری ناوەندی زۆر کردن (وسط الاكثار).

٣- وەرگرتنی رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بەکار هێنانی پەل و پیاز و یان هەر بەشێکی تری رووەك کە بەکار دێت بۆ زۆر کردنی رووەکی کە بۆ یەکەم جارە هاوردەدەکرێت بە شێوەیەکی فەرمی.

٤- وەرگرتنی رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر جۆر و تەرزی ئەو نەمامانەی کە نەمامگە دەیەوێت بەرهەمی بێنێت.

**ماددەی ( ١٧ )**

خاوەن دارستانە تایبەتەکان بۆیان هەیە خانوێك بۆ نیشتەجێ بوون دروست بکەن رووبەرەکەی لە (١٢٠) سەد و بیست مەتر دوو جا زیاتر نەبێت دوای پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی خاوەنداریەتی ئەم دارستانە.

**ماددەی ( ١٨ )**

ئەم رێنماییە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**پرۆفیسۆر سیروان بابان**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**